# کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاری لای مامۆستایانی زمانی کوردی

## مهارات التفكير التحليلي
## عند مدرسي اللغة الكردية


أ.م
سرود ولي اسماعيل

أ.م.د
بيمان جلال احمد

الباحث: هونر طيفور عبدالغفور
Honor.Tafor1206@ircoedu.uobaghdad.edu.iq


## پوختەی توێژینەوە


ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناسینی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاری و پەیوەندیی بە کارڕایی وانەوتنەوەیی لای مامۆستایانی زمانی کوردی، نموونەی توێژینەوەکە لە (100) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی لە پارێزگای کەرکووک، و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر پێوەری کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانەی ئامادە کرد کە لە (28) بەند پێک هاتووە بە ناوەندێکی گریمانەیی (84). هەروا پێوەری ئەنجامدانی وانەوتنەوە کە لە (40) بەند پێک هاتووە بە ناوەندێکی گریمانەیی (120) و لە ڕاستگۆیی و جێگیرییان دڵنیا بووەوە و هاوکۆلکەی سەختی و هێزی جیاکاریی بۆ بەندەکان دۆزییەوە و دواتر لەسەر نموونەی توێژینەوەکە جێبەجێی کرد و دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ و توێژەر گەیشتە ئەوەی کە نموونەی توێژینەوەکە ئاستێکی بەرزی کارامەیی بیرکردنەوەی شیکارییانەیان هەیە.

**ئەنجامەکان:**

لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێیان گەیشتووە لە ڕێگەی شیکردنەوە و تاوتوێکردنی داتاکان، گەیشتە ئەم ئەنجامانە:

مامۆستایانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی، کارامەیی بیرکردنەوەی شیکارییانەیان هەیە جا لای مامۆستایانی ڕەگەزی نێر یان ڕەگەزی مێ بێت، ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کە نموونەکە پرۆسەکانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە لە پرۆسەی فێرکردن و بەدیهێنانی سەرکەوتندا بەکار دەهێنن، هەروا پەیوەندییەک هەیە لەنێوان کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە و ئەنجامدانی وانەوتنەوە بۆ نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی و لە هەردوو ڕەگەزدا کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەنجامدانی وانەوتنەوەیان باشە بەهۆی ئەوەی کارامەیی بیرکردنەوەی شیکارییانەیان هەیە.


## Abstract:

After analyzing the data using the T-test for two independent samples, the researcher concluded that the research sample is characterized by a high level of analytical thinking skills.

Furthermore, the teacher at this stage understands his thinking style more than before, and a correlation factor was calculated between the scores of the male sample of (40) teachers in the Analytical Thinking Skills Scale and their scores in the Teaching Performance Scale, where the correlation value was (0.570) and to know the moral significance of (Pearson) correlation factor.

**Suggestions:**

Conducting studies similar to the current research on other study stages, and comparing its results with the results of the current research, conducting a study dealing with the relationship of

analytical thinking skills with other variables not covered by the current research, such as creative or logical thinking, multiple intelligence, and achievement, and finally conducting a study dealing with analytical thinking skills and its relationship to teaching performance for teachers of other disciplines.

## بەشی یەکەم: یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

بەم شێوەیە پەروەردەکاری گەورەی فەڕەنسا (ڕنێ ئیبیر[1]) لە (**پەروەردەی گشتی**)دا جەختی لەوە کردۆتەوە کە تێگەیاندن فێرکردن وێران دەکات، لە کۆڕێکی پسپۆڕیدا لە قاهیرە لە ڕێکەوتی 1998/5/23ز دەربارەی تەوەری فەلسەفەی فێرکاریی هاوچەرخ و پاشەڕۆژی فێرکاری عەرەبی کە تێدا باسی پرسی لەبەرکردن و تێگەیاندن کراوە کە دەماری سیستمی فێرکارین لە وڵاتە عەرەبییەکان لە ئێستادا، لەم لایەنەوە بیرمەندی میسری (میلاد حەننا) دەڵێ ئێمە کۆمەڵگای تێگەیاندنین بە هەموو ماناکانییەوە و داوای کرد کە نەوەی ئێستامان لە کەشی دیبەت و وتووێژی زانستیدا بژی، هەروا وتی دەبێ نەوەی ئێستامان فێری ئەوە بین کە هەموو بۆچوونێک بۆچوونێکی تری لە بەردەمدایە و یەکسانن بە یەک لە تێڕوانین و گوێگرتندا. (سوید، 2003،ص 16)

بۆیە گرنگیدان بە بابەتی بیرکردنەوە هەر لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤەوەیە و مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، چونکە هەمیشە وا پێویستی کردووە کە پەنا بۆ بیر ژیری ببەین بۆ ڕاهاتن لەگەڵ ژینگە و گۆڕاوەکانی کە لە ڕووی جۆر و بڕەوە جیاوازن و بە درێژایی ڕۆژگار ئالنگاریی زۆری خوڵقاندووە کە دەبوو مرۆڤ ڕووبەڕوویان ببێتەوە بۆ مانەوەی و ژیانەوەی ، هیچ بەڵگەیەکیش لەوە بەهێزتر نییە کە هەموو ئاینە ئاسمانییەکان ئامۆژگاریی ئەوەیان کردووە کە ئەقڵ بەکار بێنین و لە خەڵقی خوا ورد ببینەوە و بیانکەینە بەڵگە بۆ خوا و مەزنێتی و توانای خوا بەسەر شتەکانەوە، بە هەموو

[1] ڕنێ ئیبیر: ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی فەڕەنسایە، لە نێوان ساڵانی (1757-1794)ز لە ونسۆن لە دایک بووە، نووسەری کتێبی (**پەروەردەی گشتییە**).

ڕێگە و شێوازە ژێرییەکان بێ ئەوەی کۆتێک بخاتە سەری. (ابو جادو و نوفل، 2007، ص21-22)

کێشەی توێژینەوەکە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدایە:

- پەیوەندی چییە لەنێوان کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە و ئامرازی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی زمانی کوردیدا؟

## دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:

ئەرکی پەروەردە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە بریتییە لەو دینامیکییەتە کە گونجاوە بۆ پەرەپێدانی تاکەکان، بە شێوەیەک کە ئامادەکارییەکانیان پەرە دەستێنێ بۆ توانای کارا کە مانای قووڵتر بە ژیانیان دەبەخشێ، و هێزی پێویست دەدا بە کۆمەڵگا بۆ جووڵاندنی چەرخی پێشکەوتن لە دەزگاکانی، بە شێوەیەک کە ئەو کۆمەڵگایانە کاریگەرییان لە جووڵەی پێشکەوتنی جیهانیدا هەبێت. (عریفج، 2002، ص25).

زمان یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتی و شارستانییە گرنگەکان لەنێو کۆمەڵگادا کە بیرکردنەوەی مرۆیی گۆڕیوە، ئەگەر زمان نەبووایە مرۆڤ نەیدەتوانی کولتوور و ڕۆشنبیری و زانیاری بپارێزێ، و لە ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت پەیوەندی بەو کەسانەوە ببەستێت ئێستا نەماون و ئێمە ژیان و هەواڵی ئەوان دەخوێنینەوە، زمان هۆکارێکە بۆ بیرکردنەوە و گوزارشت و پەیوەندیکردن و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە هەردوو پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا ، و یارمەتیی ئەوە دەدات کە کەلتوور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بگوازینەوە و لە فەوتان دەیپارێزێ. (الدليمي و الوائلي، 2005، ص58).

کەواتە زمان خەسلەتێکی مرۆڤایەتییە و هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن و پەیوەندیکردن لەنێوان خەڵکدا. بۆیە هەمیشە لە خزمەتی کۆمەڵگا و بەدیهێنانی ئامانجە ڕاستەقینەکانییەتی، چونکە ڕێگایەکە بۆ گوزارشتکردنی کەسەکان دەربارەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵچوونەکان، بۆیە زانستەکان گرنگییان بە خوێندنی زمان داوە جا چ لە زانستە صرفەکان یان لە زانستە مرۆڤایەتییەکان بێت. (الحمداني، 1982،ص 16).

بیرکردنەوەی شیکارییانە کارامەییەکی ژیرییە کە پێویستی بەوەیە توانات هەبێت هەڵوێستەکان و شتەکان و پەیوەندییەکان بەش بەش بکەی بۆ ڕەگەزەکانی خۆی، جا شیکردنەوەکە زانستی بێت یان هونەری یان ئەدەبی ئەوا بڕیاردان لەسەری لە سەر سێ بنەما دەبێت کە بریتین لە گونجاندن لەگەڵ ڕاستی و توانای جێبەجێکردنی، ئەم جۆرە لە پێکهێنەرەکان ئەو بنەما گرنگانە دەدۆزنەوە کە لە ڕێگەیانەوە پرۆسەی شیکردنەوەکە قبووڵ دەکرێت یان ڕەت دەکرێتەوە، بۆیە چالاکی شیکارییانە دەبێت ئەو زیادکردنە تازانەی هەبێت کە بەهای کۆمەڵایەتییان هەیە کە ئەمەش (شتاین، 1968) جەختی لەسەر کردۆتەوە کە ئەنجامی شیکاری دەبێت سوود و نرخی کۆمەڵایەتی تێدا بێت. (الأسدي، 2010، ص87).

## سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە ناسینی **(کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاری و پەیوەندی بە کارڕایی وانەوتنەوەیی لای مامۆستایانی زمانی کوردی)**یە.

## چوارەم: سنووری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە باسی (کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاری و پەیوەندی بە کارڕایی وانەوتنەوەیی لای مامۆستایانی زمانی کوردی بۆ قۆناغی ئامادەیی و دواناوەندی بەیانیان بۆ پۆلی (چوارەم و پێنجەم)ی هەردوو لقی (زانستی و وێژەیی) بۆ ساڵی خوێندنی (2020-2021)ز.

## پێنجەم: دەستنیشانکردنی زاراوەکان:

**کارامەیی (المهارة):**

**کارامەیی وەکو زاراوە:**

1- (زایر و سماء) بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: «ئەو کارکردنەیە کە پلەیەکی بەرزی وردی و جێگیری تێدایە، کۆشش و کاتی بەهەدەردراوی کەسێک کەم

دەکاتەوە، جا جێبەجێکاری بێت یان ژیری یان دەستی» (زایر و سماء، 2016، ص26).

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر:**

کارامەیی: «بریتییە لە توانای کەسەکان لە بەدیهێنانی کار و کردارێک بە شێوازێکی چالاک و لە کاتێکی دیاریکراودا، کارەکەش جەستەیی یان بیری بێت ».

**- بیرکردنەوە (التفکیر):**

**بیرکردنەوە وەک زاراوە:**

بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

1- (نوفل و محمد، 2011): «بیرکردنەوە بریتییە لە زنجیرەیەک چالاکی ژیری کە مێشک دەیکات کاتێک ڕووبەڕووی وروژێنەرێک دەبێتەوە کە لە لایەن یەکێک یان زیاتر لە پێنج هەستەوەرەکان وەردەگیرێت: دەست لێدا، بینین، بیستن، بۆنکردن و تامکردن» (نوفل و سعفیان، 2011، ص39)

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر:**

**بیرکردنەوە:** بریتییە لەو پرۆسەیەی کە لە ڕێگەیەوە تاک چالاکی و کارە زەینییەکانی خۆی دەکات لە کار و قسەدا و یارمەتییەکی گەورەی دەدات لە کاری ڕۆژانە و چارەسەری کێشەکانی.

**بیرکردنەوەی شیکارییانە:**

**وەکو زاراوە:**

ئەم کەسانە پێناسەیان کردووە:

1- (الجنابي، 2017): «بیرکردنەوەی شیکارییانەی سەرکەوتوو بریتییە لە بەکارهێنانی پرۆسەی زەینی ڕێکی بەدوای یەکی ئاراستەکراو بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو –چارەسەری کێشەکە- و پێویستی بەوەیە کە تاک زۆر کارامەیی و

تایبەتمەندی هەبێت وەم توانای چارەسەرکردنی کێشەکان و دانانی گریمانەکان، توانای تاقیکردنەوەیان و دانانی چارەسەری لەبار و گونجاو و هەڵبژاردنی باشتر بەپێی پێوەری گونجاو» (الجنابي، 2017، ص79).

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر:**

بیرکردنەوەی شیکارییانە: زنجیرە بیرکرنەوەیەکی ڕێکە لە دەستنیشانکردنی کێشەکان و توانای شیکردنەوە و دانان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو و بە شێوازێکی سەرکەوتوو بەپێی کۆمەڵێک پێوەری پێشتربنیاتنراو.

# بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم: لایەنی تیۆری

### 1- سەرەتای بیرکرکردنەوەی شیکارییانە:

بیرکردنەوەی شیکارییانە جۆرێکە لە جۆرەکانی بیرکردنەوە کە سەرەتا لە نووسینەکانی دیکارت (*John Deckart* ) ئاماژەکانی دەرکەوتن بەو نموونەیە کە جەوهەری بیرکردنەوەی زانستییانەی نوێی خوڵقاند و ئەوەی ڕوون کردەوە کە دەکرێت لە شتێک بە تەواوەتی تێبگەین لە ڕێگەی تایبەتمەندیی بەشەکانییەوە، چونکە شیکردنەوە جیاکردنەوەی شتێکە لە شتەکانی تر بۆ تێگەیشتن لێی و ناکرێت بەردەوام بین لە شیکردنەوەی بەشەکان تاکو کورتیان نەکەینەوە لە بەشی بچووکترکە تاک ئاگادارکەرەوەکان بەش بەش دەکات بۆ بەشی لاوەکی و لە پەیوەندی نێوان تێدەگات کە ئەمەیش یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە بنیادی ئەو شتە و ئیشکردن بۆ ڕێکخستنی لە قۆناغێکی دواتردا (سعادة، 2003، ص41). هەروەها بریتییە لە توانای تاک بۆ شیکردنەوەی وردەکاری هەڵوێستەکان بۆ بەشی ورد بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکە (Tarman, 2005,p 20).

هاریس Harris 1998 وەها پێناسەی کردووە کە بریتییە لە توانای لێککردنەوەی بەشەکانی بابەتەکان و هێنانەگۆڕی بیرۆکەی نوێ و ئیشکردن بە

شێوەیەکی بەردەوام بۆ چاککردنی بیرۆکەکان و ئەو چارەسەرانەی لێی دەکەونەوە (Harris, 1998, p122 ).

## 2- کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە:

به خوێندنەوەی ئەو توێژینەوانەی کە باسی بیرکردنەوەی شیکارییانەیان کردووە، گەیشتین بەم کارامەییانەی لای خوارەوە:

1. **پەیوەندی بەش بە هەموو:** پەیوەندی شتەکان و پێکهاتەکانیان، بە واتای ناسینی بەشە بچووکەکان کە شتەکان پێکدەهێنن، و دواتر چی لە تەواوی شتەکە دێت ئەگەر ئەم بەشەی تێدا نەبێت و ئەرکی ئەو بەشە بۆ تەواوی شتەکە بزانین.
(لانجر، 2008، ص66)
2. **دیاریکردنی تایبەتمەندییەکان:** توانای دیاریکردنی تایبەتمەندی گشتی شتەکان.
(باري، 2021، ص114).

## 3- تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە:

گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەی کە دەبێت لە بیرکردنەوەی شیکارییانەی باشدا هەبێت، ئەمانەن:

1. توانای هەستکردن بە بوونی کێشەیەکی ئاڵۆز. بۆ ئەوەش دەبێت تاک توانای ئەوەی هەبێت کە ڕووداو و شت و شارەزاییی گرنگ وگرنگتر لێک جیا بکاتەوە.
2. توانای ناسینی سروشتی کێشەکە بە ڕوونی. چونکە تاک ناتوانێت هیچ کێشەیەک چارەسەر بکات بە بێ ناسینی سروشت و چۆنییەتی ئەو کێشەیە، و بێ ئەوەی توانای داڕشتنەوەی هەبێت بە وردی و دیاریکراوی.

(قطامي، 1990، ص558-559)

## 4- هەنگاوەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە:

1. دەسنیشانکردنی ئامانجی بیرکردنەوە.
2. ناسینی ڕەهەندەکانی بابەتەکە.

3. شیکردنەوەی بابەتەکە بۆ چەند ڕەگەزێک (کە لەگەڵ ئامانجەکەدا گونجاو بێت).
(توق و قطامي، 2003، ص17)

## 5- ڕەهەندەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە:

نموونەکەی مارزانۆ یارمەتیدەر بوو بۆ دەستنیشانکردنی ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە کە وەک پەتێکە دەچێتە نێو هەموو توێژینەوە و تیۆرێکەوە و بە بۆچوونێک دادەنرێت کە دەکرێت سوودی لێ ببینرێت بۆ شیکردنەوەی زۆر لایەن بۆ فێربوونی بیرکردنەوە تایبەت بە پلاندانان بۆ پرۆگرامی خوێندن و وتنەوەی ئەو پرۆگرامە، ئەو ڕەهەندانەش:

**ڕەهەندی یەکەم:** بیرکردنەوە لە بیرکردنەوە.thinking in thinking

**ڕەهەندی دووەم:** پڕۆسەکانی بیرکردنەوە.thinking process

(جروان، 2005، ص13).

## 6- کۆسپەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە:

سەرباری گرنگی وروژاندنی بیرکردنەوە لە سەرخستنی پڕۆسەی فێرکاری فێربووندا، و ئەو سوودە زۆرانەی کە پەروەردەکاران و ئەو کەسانەی گرنگی بە پرۆگرامەکانی خوێندن و کارامەییە جیاوازەکانی دەدەن دەستنیشانیان کردووە، بەڵام ئەو کولتوورە کلاسیکییە گەورەیە کە پێیان وایە ڕێگا کۆنەکانی وانەوتنەوە زانیاری زیاد دەکات، و بەکارهێنانی ڕێگەی نوێ کە پشت بە خستنەڕووی بۆچوون و بیرۆکەوتووێژی گەرم دەبەستێت تەنیا لای بەشێکی کەم هانی بیرکردنەوە دەدات، ئەم بۆچوونە بووە گرفتی گەورە لە بەردەم وروژاندن و فێرکردنی بیرکردنەوەدا.

## تەوەری دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو

1- توێژینەوە عەرەبییەکان:

خشتەی ژمارە (1)

---

| ژ | ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوەکە | ئامانجی توێژینەوەکە | شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | میتۆدی توێژینەوەکە | نموونەکە | ئامرازەکە | هۆکارە ئامارییەکان | گرنگترین ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئـ | الطواب (1991) | ئامانجی ئەوە بوو بیرکردنەوەی شیکارییانە لای خوێندکارانی زانکۆ میسرییەکان بناسێت بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە زانکۆ بیانییەکان پێی گەیشتن | کۆماری میسری عەرەبی | میتۆدی وەسفی | (250) خوێندکاری کچ و کوڕ. | لیستی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە | - هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن. - شیکردنەوەی جیاوازی. - شیکردنەوەی جیاوازی یەکانی. - لادانی پێوانەیی. - ناوەڕاستە- شیکردنەوەی دابەزین. | هەبوونی جیاوازی کە هەڵگری نیشانەی ئاماری بوون لەنێوان خوێندکارانی پسپۆڕییە زانستییەکان و مرۆڤایەتییەکان لە بیرکردنەوەی شیکارییانەدا لە بەرژەوەندی خوێندکارانی پسپۆڕە زانستییەکان. |
| ب | الخصاونة( 1994) | دۆزینەوەی ئاستەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە بوو لە بابەتی ئەندازەدا لای زانکۆی یەرمووک و دۆزینەوەی جیاوازی ئەدای خوێندکاران لە ماوەی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەدا لە بابەتی ئەندازە بە جیاوازیی ئاستەکانی | شانشینی هاشمی ئوردنی | میتۆدی وەسفی | (109) خوێندکاری کچ و کوڕ | تاقیکردنەوەی ئاستەکانی بیرکردنەوەی ئەندازەیی | - هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن. - شیکردنەوەی جیاوازی یەکانی. | هەبوون پێشکەوتن لە ئاستەکانی بیرکردنەوە لە بابەتی ئەندازەدا و (26.6٪) خوێندکاران پۆلێن کران بەپێی ئاستە سیانییەکانی بیرکردنەوە (شیکارییانە و حەدەسی و ئەنجامگیرییانە). - هەبوونی جیاوازی کە هەڵگری نیشانەی ئامارین لە |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بیرکردنەوەی شیکارییانە و حەدەسییانە و ئەنجامگیرییانە. | | | | | | ئاستی ئەدای خوێندکارانی زانکۆی یەرمووک بە جیاوازی ئاستەکانی بیرکرکردنەوە لە بابەتی ئەندازەدا و ئەم جیاوازییەیش لە قازانجی ئاستی شیکاری بوو.<br>- هەبوونی جیاوازی کە هەڵگری نیشانەی ئامارین لە ئاستی ئەدای خوێندکاران لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی ئاستەکانی بیرکردنەوە بە جیاوازی ئاستی کارامەیی لە بابەتی ئەندازە و لە قازانجی کارامەیی بینین و لۆجیکی. |
| پ | الصوفي(2004) | ئامانجی ئەوە بوو کە بزانێت ئایا پەیوەندی هەیە لەنێوان پەسەندکردنی ئەدای لایی (الاداء | کۆماری عیراق | میتۆدی وەسفی | (100) خوێندکاری کچ و کوڕ | پێوەری شێوازی بیرکردنەوەی (ستێرنبرگ) | - تاقیکردنەوەی تائي.<br>- هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن. | توێژەر گەیشتە ئەوەی کە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان پەسەندکردنی ئەدای لایی |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | الجانبي) و شێوازەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە (تەشریعی و جێبەجێکاری و شموولی و شیکاری و ئازاد و پارێزکار). | | | | | - شیکردنەوەی جیاوازی یەکانی. | (الجانبي) و شێوازەکانی بیرکردنەوەدا نییە جگە لە شێوازی بیرکردنەوەی جێبەجێکاری. |
| ت | السبيعي (2001) | ئامانجی ئەوە بوو شێوازەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە بدۆزیتەوە لای بەڕێوەبەرانی فەرمانگە حکوومییەکانی جدە و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان شێوازەکانی بیرکردنەوە و بڕیاردان لە لایەن بەڕێوەبەرانی فەرمانگە حکوومییەکانەوە. | شانشيني عەرەبي سعوودي | میتۆدی وەسفی | (109) بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکان | پێوەری (هارسۆن وبرامسۆن) | - تاقیکردنەوەی تائي. - هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن. - شیکردنەوەی دابەزین. | شێوازە پەسەندەکانی بیرکردنەوە لای نموونەکە بریتییە لە بیرکردنەوەی شیکارییانە، دوای ئەوە شێوازی بیرکردنەوەی حەدەسی دێت. - پەیوەندییەکی ئامارییانە هەیە لەنێوان بیرکردنەوەی حەدەسی و بیرکردنەوەی شیکارییانە. - پەیوەندییە نەرێنی هەیە کە هیچ نیشانەیەکی نییە لەنێوان بڕیاردان و بیرکردنەوەی شیکارییانە. - هیچ پەیوەندییە |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ک لەنێوان نموونەی توێژینەوە کەدا نییە بۆ بڕیاردان بەپێی جیاوازی شێوازەکانی بیرکردنەوە. | | | | | | | | |
| شێوازەکانی بیرکردنەوەی زاڵ لای پسپۆڕە زانستییەکان برتییە لە شێوازی بیرکردنەوەی شیکارییانە بە ڕێژەی (29.9٪)، دوای ئەوە شێوازی بیرکردنەوەی حەدەسی دێت بە ڕێژەی (18.5٪)، بەلام بیرکردنەوەی زاڵ لای خوێنددکارانی پسپۆڕە مرۆڤایەتییەکان بریتییە لە شێوازی بیرکردنەوەی شیکارییانە بە ڕێژەی (24.5٪) دواتر شێوازی بیرکردنەوەی حەدەسی دێت بە ڕێژەی (17.7٪) و کەمترین ڕێژە بۆ | - تاقیکردنەوەی تائي. - هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن. - شیکردنەوەی دابەزین. | پێوەری (هارسۆن وبرامسۆن) | (108) خوێندکاری کچ و کوڕ | میتۆدی وەسفی | یەمەن | ئامانجی وەڵامدانەوەی شێوازەکانی بیرکردنەوەی مامۆستایانی دواناوەندی بوو پێش خزمەت و ئایا شێوازەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانەی مامۆستا پێش خزمەت جیاوازە بەپێی جیاوازی پسپۆڕییەکەی؟ و ئایا شێوازێکی | غالب (2004) | ج |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بیرکردنەوە هەیە کە زاڵ بێت بەسەر توێژینەوەکەدا. | | | | | | شێوازی بیرکردنەوەی سەرپێییانە بوو. |

## 2- توێژینەوە بیانییەکان

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| - | دراسة (ولكر وآخرون) (1979) Walker & et. Al..1979 | ئامانجی ئەوە بوو کە جۆرەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانەی باو لای خوێندکارانی زانکۆ بزانن. | ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | میتۆدی وەسفی | (86) خوێندکاری زانکۆ | تاقیکردنەوەیەک بۆ پێوانەکردنی جۆرەکانی بیرکردنەوە | - تاقیکردنەوەی تائي. - هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن. - شیکردنەوەی دابەزین. | ئەم توێژینەوەیە گەیشتە ئەوەی کە (72٪) لە خوێندکاران بیرکردنەوەی شیکارییانە یان هەیە، و (13٪) لە خوێندکاران بیرکردنەوەی حەدەسی. |

# بەشی سێیەم

## میتۆد و ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە ئەو ڕێکارانەی کە توێژەر پشتی پێ بەستوون دەخاتە ڕوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا کە باسی کۆمەڵگای توێژینەوەکە و نموونە سەرەکییەکەی کە نمایندەی ئەم کۆمەڵگایە دەکات، لەگەڵ دەستەبەرکردنی ئەو پێوەرانەی ڕاست و جێگیرن، جگە لە بەکارهێنانی هۆکارە ئامارییە گونجاوەکان بۆ شیکردنەوەی داتاکان و چارەسەرکردنیان.

توێژەر میتۆدی وەسفی بەکار هێناوە وەک گونجاوترین میتۆد بۆ وەسفکردنی توێژینەوەی پەیوەندییەکانی پەیوەستبوون لەنێوان گۆڕاوەکان و دۆزینەوەی

جیاوازییەکانیان لەپێناوی وەسفکردنی دیاردەی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی، ئەمانەی خوارەوە وەسفی ئەو ڕێکارانەیە.

**یەکەم: کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە:**

مەبەستی هەموو تاکەکانی ئەو دیاردەیەیە کە توێژەر توێژینەوەکەی لەبارەوە دەکات (ملحم، 2000، ص219)، کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە مامۆستایانی زمانی کوردی خوێندنی بەیانیان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکووک (ناوەند) بۆ ساڵی خوێندنی (2020-2021)، کۆمەڵگاکەش لە (130)[2] مامۆستا لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ کە دابەش کراون بەسەر (59) خوێندنگا لە پەروەردەی کەرکووک کە (53) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (77) مامۆستا ڕەگەزی مێیە، و خشتەی (2) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**دووەم: ئامادەکردنی ڕێنماییەکانی پێوەرەکە:**

ئامانج لە ڕێنماییەکانی پێوەرەکە، ئاراستەکردنی تاکە وەڵامدەروەکانە بە ڕێگەی وەڵامەکانیان لەسەر بڕگەکانی پێوەرەکە( الزوبعي، 1981، ص69)، هەروەها ڕێنماییەکانی پێوەرەکە بە بەڵگەیەک دادەنرێت کە وەڵامدەرەوە بەکاری دەهێنێ لە کاتی وەڵامدانەوەی بڕگەکاندا، و بەئەنجام گەیاندنی شێوازی سەرەتایی پێوەرەکە، توێژەر هەوڵی ئەوەی داوە ئەم ڕێنماییانە ڕوون و ئاسان بن و بۆ زیادکردنی ڕوونییەکەی نموونەیەکی لە ڕێنماییەکاندا داناوە کە چۆنییەتی وەڵامدانەوەی بڕگەکان ڕوون دەکاتەوە و کەسی وەڵامدەرەوە هان دەدات بۆ ئەوەی وەڵامەکانی ورد و ڕاشکاو بن. (Gronbach1994:38).

**سێیەم: ڕاستگۆیی:**

**1- ڕاستگۆیی بنیاتنانی پێوەری کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە پێوەرەکە:**

---

[2] توێژەر سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکووک/بەشی خوێندنی کوردی کرد و ئەم ژمارەیەی دەست کەوت بۆ کۆمەڵگای توێژینەوەکەی/ بۆ ساڵی خوێندنی (2020-2021).

ڕاستگۆیی یەکێک لە هۆیە گرنگەکانە بۆ بڕیاردان لەسەر شایستەیی پێوەرەکە، و ئاماژە بۆ کوالێتیی پێوەرەکە دەکات وەک ئامرازێک بۆ پێوانەیەکی دیاریکراو کە بۆی دانراوە (الظاهر وآخرون،1999،ص132).

**چوارەم: جێگیربوون:**

**1- جێگیربوونی بنیاتنانی پێوەری کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە پێوەرەکە:**

یەکێکە لە ئاماژە وردەکانی پێوەرەکە و گونجانی بڕگەکانی لە پێوانەکردنی ئەوەی کە پێویستە پێوانە بکرێت (عودة، 1998، ص340) و ئامانج لە هەژمارکردنی جێگیربوون بریتییە لە خەملاندنی هەڵەی پێوەرەکە و پێشنیارکردنی چەند ڕێگایەک بۆ کەمکردنەوەی ئەم هەڵانە (Murphy,1998,P63) و پێوەری جێگیر ئەو پێوەرەیە کە هەمان ئەنجام بە دەستەوە دەدات دوای ئەوەی دوو جار جێبەجێ دەکرێت لە دوو کاتی جیاوازدا لەسەر تاکەکان خۆیان(Weiten,et,al,1999,P57). توێژەر لە جێگیربوونی پێوەرەکە.:

**پێنجەم: جێبەجێکردنی کۆتایی پێوەرەکان:**

**1- شێوازی کۆتایی پێوەری کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە:**

شێوازی کۆتایی پێوەری کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە لە پێنج کارامەیی پێک دێت کە بریتین لە: کارامەیی بەراوردکردن و بەرانبەرکێ، بنیاتنانی پێوەرەکە، ڕێکخستن و دانانی ئەولەویەت و زنجیرەکاری، پۆلێنکردن، کۆکردنەوە. هەریەک لەمانەش چەند بڕگەیەکی هەیە و ژمارەی گشتی بڕگەکانی پێوەرەکە گەیشتە (28) بڕگە و هەر بڕگەیەک پێنج جێگیرەوەی هەیە.

**شەشەم: ئامرازە ئامارییەکان:**

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ئامرازە ئامارییەکانی بەکار هێناوە بە پشتبەستن بە بەرنامەی جانتای ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS)، و بەم شێوەیە:

1- پێوەری تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ:

بۆ هەژمارکردنی هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوەرەکانی سەرەوە بەکار هات، بە دۆزینەوەی نیشانەی جیاوازی نێوان دوو کۆمەڵەکەی سەروو و خواروو.

2- هاوکۆلکەی پەیوەندی (پێرسۆن) بەکار هات بۆ هەژمارکردنی ئەمانە:

ئـ- ڕاستگۆیی بڕگەکان کە بریتییە لە پەیوەستبوونی هەر بڕگەیەک بە نمرەی گشتی پێوەرەکەوە.

ب-بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی پەیوەستبوون لەنێوان نمرەی هەر بڕگەیەک و نمرەی ئەو بوارەی پێوەرەکەی تێدایە.

پ- هاوکۆلکەی جێگیربوون بە ڕێگەی دووبارە جێبەجێکردنی پێوەرەکە.

3- پێوەری تائی بۆ یەک نموونە:

بەکار هات بۆ زانینی نیشانەی جیاوازی نێوان ناوەندی نمرەکانی کۆتایی نموونەی جێبەجێکردنەکە و ناوەندی تیۆری پێوەرەکە.

4- هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ: بەکار هات بۆ دۆزینەوەی جێگیری بە ڕێگەی گونجانی ناوخۆیی پێوەرە ئاماکراوەکان لەم توێژینەوەیەدا.

5- هاوکێشەی لوولپێچی: بەکار هێنرا بۆ دۆزینەوەی هاوکۆلکەی لوولپێچی بۆ دابەشکاری دووبارەبوونەوە بۆ نمرەکانی پێوەرەکان، ئەوەش بۆ زانینی لوولپێچی شێوەی دابەشکردنی دووبارەبوونەوە.

6- هاوکێشەی (پلەی تیژی لوتکە): بەکار هات بۆ هەژمارکردنی هاوکۆلکەی (پلەی تیژی لوتکە) بۆ زانینی شێوەی دابەشکردنی دووبارەبوونەوە بۆ نمرەی پێوەرەکان.

7- پێوەری تائی: بەکار هات بۆ نیشانەی هاوکۆلکەکانی پەیوەستی و بەکار هات بۆ دۆزینەوەی نیشانەی مەعنەوەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن.

## بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و لێکدانەوەیان

**ئەنجام:**

لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێیان گەیشت لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتاکان و تاوتوێکردنیان، گەیشتە ئەم ئەنجامانە:

أ- مامۆستایانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی، کارامەیی بیرکردنەوەی شیکارییانەیان هەیە جا لای مامۆستایانی ڕەگەزی نێر بێت یان مێ، ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی نموونەکە گەورەتر بوو لە ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە نموونەکە پرۆسەکانی کارامەیی بیرکردنەوەی شیکارییانە بەکار دەهێنن لە پرۆسەکانی فێربوون و سەرکەوتنیان.

ب-مامۆستایانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی، خاوەن کارڕایی وانەوتنەوەی ڕوونن لە پیشەی فێرکاریدا لە بوارێکدا، جا لای ڕەگەزی نێر بێت یان مێ، دەرکەوت کە ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی نموونەکە گەورەتر بوو لە ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە.

ت-تێبینی ئەوە کرا کە پەیوەندی لەنێوان کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە و کارڕایی وانەوتنەوەدا هەیە بۆ تەواوی نموونەی توێژینەوەکە و بۆ هەردوو ڕەگەز، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە نموونەی توێژینەوەکە تایبەتمەندی کارڕایی وانەوتنەوەیان تێدایە بە باشی لە ئەنجامی ئەوەی کە کارامەیی بیرکردنەوەی شیکارییانەیان هەیە.

**راسپاردەکان:**

لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێیان گەیشت لەم توێژینەوەیەدا و بۆ پەرەپێدانی مەوداکەی و فراوانکردنی، ئەم ڕاسپاردانەی دەخاتە ڕوو:

1- دامەزراوە پەروەردەییەکان دەتوانن سوود لە ئەنجامی توێژینەوەکە وەربگرن، لە ڕێگەی ئاراستەکردنی مامۆستایانی زمانی کوردی و کەسانی پسپۆڕ بۆ ئیشکردن بۆ زیادکردنی پێشبینی پرۆسەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە، بە هۆی ئەو گرنگییەی کە هەیەتی لە هاندان بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکان و چارەسەرکردنیان سەبارەت بەو زانیارییانەی کە خۆی وەریدەگرێت وەک تەوەری پرۆسەی فێرکاری و چونکە کارا و چالاکە لە فێربووندا.

2- پێویستە دەستە پەروەردەییەکان زیاتر مامۆستایان ئاراستە بکەن و هانیان بدەن کە ئەو ڕێگە و شێوازانە بەکار بێنن کە یارمەتییان دەدات بۆ بەکارهێنانی پرۆسەکانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە بە کارایی، و هاندانیان بۆ کۆششی پێویست بۆ بەدیهێنانی کارڕایی وانەوتنەوەی باشتر.

3- پێویستە دامودەزگا پەروەردەییەکان ئەو مامامۆستایانەی زمانی کوردی ئامادە بکەن کە بەردەوام تەکنیکی تازە بەکار دەهێنن لە ڕێگەکانی وانەوتنەوەدا، لەگەڵ گرنگیدان بە پەرەپێدانی پەرتووکەکانی خوێندن تاکو بتوانێ هاوشانی پێشکەوتنی زانست و زانیاری بڕوات کە ئێستا جیهانیان گرتۆتەوە.

**پێشنیارەکان:**

1. ئامادەکردنی توێژینەوەی هاوشێوە بۆ قۆناغەکانی تری خوێندن، و بەراوردکردنی ئەنجامەکانیان لەگەڵ ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا.
2. ئامادەکردنی توێژینەوەیەک دەربارەی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە بە گۆڕراوی تر کە لەم توێژینەوەیەدا نەهاتوون وەک بیرکردنەوەی داهێنەرانە یان لۆجیکییانە، و زیرەکی فرە لایەنە و بەدەستهێنان.
3. ئامادەکردنی توێژینەوەیەک کە باسی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی شیکارییانە و پەیوەندی لەگەڵ کارڕایی وانەوتنەوەدا بکات لای مامۆستایانی پسپۆڕییەکانی تردا.

# سەرچاوەکان


1. أبو جادو ، صالح محمد علي ، ونوفل محمد بكر، (2007) : **تعليم التفكير النظرية والتطبيق** ، عمان - الاردن، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.
2. الاسدي، عباس حنون مهنا، (2010)، التفكير التحليلي وعلاقته بالأفكار المتضادة والأسلوب (الفراسي- الحرفي) لدى طلبة الجامعة، جامعة بغداد، كلية الآداب، **(اطروحة دكتوراه غير منشورة).**
3. باري، كرول، (2010) : **قوة التفكير**، ترجمة : حمزة عبدالصمد ، القاهرة – مصر، مكتبة الهلال .

4. جروان، فتحي عبد الرحمن ، ( 2005): **تعليم التفكير مفاهيم وتطبيقات** ، عمان – الاردن ، دار الكتاب الجامعي.
5. الجنابي، أحلام حميد نعمة(20017): مستوى التفكير التحليلي وحل المشكلات لدى طلبة جامعة القادسية، **مجلة كلية التربية**، العدد الثاني، الجامعة المستنصرية.
6. الحمداني، موفق (1982): **اللغة وعلم النفس** ،عمان - الاردن، دار المسيرة للنشر والتوزيع.
7. خصاونة, أمل, (1994): مستويات التفكير في الهندسة لدى الطلبة المعلمين ، **مجلة أبحاث اليرموك** ، العدد (3) مجلد (18)، الاردن.
8. الدليمي، طه علي حسين ، والوائلي، سعاد عبد الكريم عباس (2005): **اللغة العربية مناهجها وطرائق تدريسها** ، عمان - الاردن، دار الشروق للنشر والتوزيع.
9. زاير, سعد علي، وسماء تركي داخل (2016): **المهارات اللغوية بين التنظير والتطبيق** ، عمان - الأردن، دار المنهجية للنشر والتوزيع.
10. الزوبعي ,عبد الجليل وآخرون (1981): **الاختبارات والمقاييس النفسية**, وزارة التعليم العالي والبحث العلمي, جامعة الموصل , العراق.
11. السبيعي، علي بن محسن، (2001): أساليب التفكير وعلاقتها بأتخاذ القرار لدى عينة من مديري الادارات الحكومية بمحافظة جدة، **(رسالة ماجستير)** السعودية،جامعة أم القرئ.
12. سعادة، جودت أحمد، (2003): **تدريس مهارات التفكير**، مع مئات من الأمثلة التطبيقية ، عمان - الأردن، دار الشروق للنشر والتوزيع.
13. سويد، عبد المعطي، (2007 ): **مهارات التفكير ومواجهة الحياة** ، العين - الامارات، دار الكتاب الجامعي.
14. الصوفي ، أسامة حميد حسن ، ( 2004): تفضيل الأداء الجانبي وعلاقته بأساليب التفكير عند طلبة الجامعة ، **مجلة أبحاث الذكاء**، العدد (1) ، الجامعة لمستنصرية .

15. الطواب، سيد محمود، (1991): **التفكير التحليلي عند طلاب الجامعة**، المؤتمر السابع لعلم النفس، كلية التربية ، جامعة عين شمس، مصر.

16.الظاهر، زكريا محمود، وآخرون،(1999): **مبادئ القياس والتقويم في التربية** ، عمان - الأردن، مكتبة دار الثقافة.

17.عريفج، سامي سلطي(2002): **مدخل إلى التربية**، ط2 ، عمان - الاردن، دارالفكر للطابعة والنشر والتوزيع.

18. غالب، دمان محمد سعيد، (2004): اساليب التفكير لدى معلمي الثانوية قبل الخدمة، **مجلة الدراسات الاجتماعية**، العدد(8) ، مجلد(19) كلية التربية .

19. قطامي ، يوسف، (1990): **تفكير الاطفال تطوره وطرق تعليمه** ، عمان - الاردن، الأهلية للنشر والتوزيع.

20. لانجر، جون، (2008) : **لنعلم اطفالنا حلاوة التفكير**، ترجمة : سوسن ضباع ، جدة – السعودية ، مكتبة العبيكان.

21. نوفل، محمد بكر، محمد قاسم سعيفان (2011): **دمج مهارات التفكير في المحتوى الدراسي** ، عمان- الأردن، دار المسيرة للنشر والتوزيع.

22. توق، محي الدين وقطامي، يوسف عرس، (2003): أسس علم النفس التربوي، ط3 ، عمان - الأردن، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع.

23.Harris, M., (1998): **Critical thinking: what can it be, Educational leadership**, Vol., (46). No. (1).

24.Walker&et. Al ,(1979): **Soc RALEARNING. Locus of control versus Attributional (Causal Stebility) interpret Atins of expectancy of success**, Journal of personality & social psychology.

25.Tarman, H., F., (2005): **Cognitive model for adapter interfaces**, http://www.ICNFD.com.

26.Gronbach,(1994):**The Effect of metacognitive knowledge on local and elobal monitaving**.Contemporary Educational psychology,val 19,p:145.

27.Murphy, (1999): **counter culture and Dominants Culture values Across national Analysis of the under ground press American Sociological review**.

28.Weiten,et,al (1999): **p. Essentials of child Development and Personality**, Harper and For pub.